کوردستان نێت: بۆ خوێندنەوەی شیعرێکی جوانەمەرگ کلیکی ئێرە بکە



# ژیاننامەی حەمە زەکی حەمە کەریم

لە دایك بووی سالی ١٩٦٣ لە خێزانێکی کرێکاری شاری کەرکوکدا چاوی بە دنیا هەڵهێناوە، حوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە شاری کەرکوك تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٨٣ لە کۆلیژی پەروەردە بەشی فیزیا لە زانکۆی صلاح الدین لە هەولێر وەرگیراوە، بەڵام بەهۆی چالاکی سیاسی نەیتوانیوە خوێندن تەواو بکات و لە ساڵی ١٩٨٨ فەصل کراوە. یەکێك بووە لە و کەسانەی بەشداری مانگرتن و خۆپیشاندانی خوێندکاران لە ساڵەکانی ١٩٨٢، ١٩٨٤، ١٩٨٦ دا کردووە و نمونەی ئینسانێکی تێکۆشەر بووە. لە تەمەنی لاوێتییەوە لە سەرەتای هەشتاکاندا بە کۆمۆنیزم ئاشنا بووە و وەك ئینسانێکی چەپ و ڕادیکاڵ لە بەرامبەر ڕژێمی بەعسی شۆڤێنیست و سەرمایە خەباتی کردووە. لە ڕاپەڕینە کەی ئازاری ١٩٩١ دا هەڵسوڕاوێکی بزوتنەوەی شورایی بووە، لە ساڵی ١٩٩٧ وە وەك ئەندامێك لە ریزەکانی حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراقدا کاری کردووە و بۆ ماوەیەك سکرتێری کۆمیتەی هۆڵندای حیزب بووە و زۆر دڵسۆزانە وەك کەسێکی کۆمۆنیست و ماندونەناس کاری کردووە ٠٠٠

هاوڕێ حمە زەکی هەروەك چۆن لە بواری هەڵسوڕانی سیاسیدا بەدرێژایی تەمەنی ماندونەناس بووە، ئاوەهاش لە بواری ئەدەبیشدا وەك شاعیرێکی کرێکار خاوەنی سەرمایەیەکی شیعری پڕ لە هەست و سۆزی ئینسانی و خۆشەویستییە و بانگەشەی بیری ئازادی و یەکسانی و خەبات لەپێناو دنیایەکی باشتردا لە بەرامبەر دنیای چەوسانەوەی سەرمایەداریدا بە پێنوسەکەی جەنگاوە و ئاسۆی دنیای ئاسودەیی و حەوانەوەی جەستەی شەتەك و ماندووی لە کۆمەڵگای سۆسیالیستیدا هەوێنی نو سین و شیعرەکانی بووە ٠٠

حەمە زەکی کەریم مرۆڤێکی هەست ناسك و مرۆڤ دۆست بووە، گشت کات خەمخۆری هاوڕێکانی و هاوکاری ئەو کەسانە بووە کە پێویستیان پێی بووە، وەك مرۆڤێکی ڕۆح سووك و قسەخۆش و هێمن و گورجوگۆڵ لە گەڵ هاوسەری ژیانی و لە ناو کەس و کارو هاوڕێکانی و خەڵك دا ناسراوە ٠٠٠

بەڵام ئەفسوس و هەزاران ئەفسوس لە ٢٠٠٢/٩/١٦ دا لە ناکاو مەرگ ئەم هاوڕێ خەباتکارەی لێکردین و بۆ دواجارو دواین هەناسەی پڕ حەسرەت و خۆشەویستی ئەوی لێبڕین و دڵە گەورەکەی لە لێدان کەوت ٠

حەمە زەکی جێگای لەناوماندا خاڵییە، بەڵام یادگاری و ڕێبازو شیعرەکانی بە هیوای دنیایەکی باشتر وەك خۆی لە دڵماندا زیندو دەمێنێ بۆ هەتا هەتایە، بەرزو بەڕێز بێت یادی هاوڕێ حەمە زەکی و ڕێبازەکەی ٠

ئەکرەم چاوشین

٢٠٠٢/٩/٢١

www.kurdistannet.org